www.kurdistannet.org
26-2-2007 21:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گرووپی درۆ هەڵبەستان دواتاوانیان خستە پاڵ سەرۆ قادری نوسەر. . . ئامانج عەبدوڵا سوور

مرۆڤی عاقڵ زۆرن وەلی شەریف کەم. . . . مەکسیم گۆرکی

ئەو سەرەوەختەی نوسەر سەرۆقادر نۆڤێلای تێشکانی نوسی رووبەرووی لێشاوێ: لەرەخنە بووەوە لی



حەقیقەتی لەتوێی چیرۆکێکی واقعی دا دوور لەفەنتازیاوچرپەی پەنهانی ئەدرکاند بەڵام زۆرێك پێی نیگەران بووین بەخۆشمەوە کەچی هەرگیز حاشام لەوەنەکرد کەئەم بەرهەمە تێکستێکی پرلەئیستاتیکای ئەدەبی کوردیە جالەدەرەوەی بازنە سیاسیەکان مرۆڤ عەقڵی چێوەنابێت وکورتبینانە تێکست ناخوێنێتەوە. . .
ماوەی چەند رۆژێکە گرووپی درۆهەڵبەستان کەوتوونەتە هەوڵدان بۆلەکەدارکردنی نوسەر سەرۆقادر ئەوەی لای من گرنگە لەسەرکردنەوەی ئەم نوسەرەیە وەك خاوەنی پرۆژەی پرلەمەعریفی نەك وەك کائینێکی ناودەسەڵات بگرە لەوبارەوە رەنگبی رەخنەیەکی بی شومارم هەبی لەبەرامبەری لی کەدێتە سەربوختان بەکاری نوکەیی خۆمی دەزانم لێی بی دەنگ نەبم. .
لەکەدارکردنەکە لەوە سەرچاوە دەگرێت گوایە سەرۆقادر خەڵکی بەسەگ شوبهاندوە دوای وردبوونەوەوبەدواداچوونم بۆ دۆسیەکە ئەوەم بۆ ساغ بووەوە کەسێکی هەلپەرست وقەڵەم جاش کەبریارم داوە ناوی نەهێنم وزۆرباش لەوە دڵنیام لەرووی سایکۆلۆژیەوە پیێ، ستی بەپشکنینە وهەرئەم قەڵەم بەدەستەشە نەخۆشی خۆبە گەورە زانینی توش هاتووە ئەم دۆسیەیەی کردۆتە پارویەکی قورسی دەستی خۆی لەکاتێك دا لەکۆرێکی سەرۆدا کراوەتە دەرەوەولەپاساوی کۆربەست دا ئەوە هاتۆتە ئامارژە کەئەم دۆخە سەگیشی خولقاندووە ئیدی سەرۆ نەتەوەیەکی نەخستۆتە ژێرباری تەشیرکردنەوە لی من پێم وایە ئەم دۆخە نەك هەرسەگ بگرە گورگ وچەقەڵ وقەڵەم جاشیشی زایندکردووە ڤایرۆسیشی تیادایە ئیدی ئەمە نەتاوانە ونە سوکایەتیە بەنەتەوەوە وەك ئەوەی هەڵبەستراوە. .
بیۆ روونکردنەوەی زیاتر ت. س ئەلیوت ووتەنەی دەکری شرۆڤەی باری کەسێی رەخنەگر بکەین بۆمان ساغ ببێتەوە داخۆ چەند لەراستیەوە نزیکەوە یان هەرلەکەناری قین وبەدگومانیەوە دەروانێت هرەلەسەر ئەم بیردۆزەیە لەوە گەرێن ئەم قەڵ‘م جاشە چ بوختانێکی چی کردووە با بێین شرۆڤەی بکەین، هەرلەوسەرەوەختەی جوند ئیسلامی تیرۆرست لەناوچەکانی بیارەبوو ئەم جاش قەڵەمە لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنی کەناڵی کوردستان تی ڤی دا ووتی جوند ئامانجەکانی مەدنی نین بەڵکو دەسەڵات ئامانجیانە وکەچی 1یشوباتیشمان بینی چەند قوربانی مەدەنی لی کەوتەوە!!
هەر ئەم گەلۆرە پاساوی بۆ رۆژنامەیەك دەهێنایەوە گوایە پیاوی کەس نین وسەربەخۆن کەچی دەشیوت گەربزانم سەربەلایەنێکن وازیان لی دەهێنم ئەمەش گومانێکی ناوناخی خۆیەتی تانوکە پەی پی نەبردبوو. .
ئەوکاتەش کە حزبێکی باڵادەستی کوردستان کۆنفرانسی ناوخۆیی ئەنجام دا لەنێو تەکەتولات دا پارووی دەگەلاند ورۆی لەسەرتونێك وبەریتمی جودا هەوڵی دەدا لەهەموو لایەك سوودمەند بێت ولەووتارێکی دارشتن ئامیێ. ی دا دوای لێشاوێك رەخنە پارایەوە بۆئەوەی سەرەك باڵێك ببینی گوایە لەنزیکەوە شتی هەیە پێی بڵێت!!رێك رۆڵیێ مەیمونی شایی وگاوانی سوڵتانی دەگێرا. .
ئێستاش کەپیخۆرێکی قورستری بۆ ئامادە کراوە لەلایەن کۆمەڵێك هەلپەرستی دیکەوە لەبۆسەی بوختان دایە بۆ نوسەرێکی وەك سەرۆ قادر ئەز پێم خۆش بوو رەخنە لەسەرۆ بگیرێت لەبواری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەسەڵاتی دا نەك لەكۆرێكی كەئامادەیە دیوی واقعی خۆی بڵێت دەبێت هەموان بەوراستیە ئاشنا بین بۆهەمیشە قەسە كردن لەبارەی ئەدەب وواقیع دووشتی هێجگار جودا وپر لەدوالیزمن چۆن كافكا دەڵی (ئەدەب هەڵاتنە لەواقیع) لی روونكردنەوەی واقیع شتێكی جودایە دەكری ئامازەی پی بدەین. .

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.